# باخی بێدەنگیی ...

**جەمال غەمبار**

کەس نەبوو بگری ،
کەس نەبوو بێدەنگییم بهێنێتە قسە ،
وەک منداڵێک لە چەقی کەوندا بزر ببووم
کەس نەبوو ڕێگای نیشتمانم پیشان بدات ،
ناچار " نەی " هاتە دەنگ .. "نەی" بوو وتی ؛
- ئەزانم ، ئەگەر هەزاران ڕوباری فرمێسک و
سەدان شاخی ئەفسانەش لە نیشتمانەوە دوور بیت
هەر دەبێ بگەڕێیتەوە لایان ، لای ئەو بەربەرییانەی
شەوانە گۆرانیی بۆ عاقیبەتی خۆیان ئەڵێن ..
ئەو بەربەرییانەی خەون بە مۆسیقا ئەگۆڕنەوە ،
لە چەقی تەنیاییدا ، لە نێو خۆیاندا باران بەشئەکەن ...
بەقەد عومری نێرگزەکانی ئەوێش بێت
دەبێ بچیەوە دیدەنیی کەلاوەکانی ڕۆحیان ..
ئەو کەلاوانەی لەشەڕ کەوتنەوەو
فریای گریانێک نەکەوتن بۆ تەڕبوون !

" نەی " بوو ، بەدەم حونجەکردنی نوورەوە وتی ؛
تۆ مەغریبێک ،
بەدەم شیعرەوە لەگەڵ خوادا هەڵدەکەیت و ،

لە نێوان قەسەمی ئاو و نوێژی بەردەکانی بێدەنگییدا
لەگەڵ ژنێکی گیتارژەندا دەکەویتە دەمەتەقێ ..
ژنێک بە سەر پردی " شەرابدۆستان " ەوە
خەریکی پەڕینەوەیە بۆ ناوەڕاستی دۆزەخ
خەریکی کۆکردنەوەی
پارچەکانی نەفرەتە ،
نەفرەتی مانەوە لەگەڵ ژیاندا ،
نەفرەتی ڕووتبوونەوە لە باوەشی شیعردا ..
ژنێک لە دەرگای - سەبر – ی من ئەدات
بەیانییەکی تری پێیە ، دەیەوێت مەنفام جوانتر بکا
دەیەوێت بە پایز سوێندم بدات
کە ئیتر ئیدمانی تەنیایی جێبێڵم ..!
" نەی" بوو فێری ئەلف و بێی عەشقی کردمەوە .
ئاخر دەمێک بوو
ڕەنگە هێندەی تەمەنی – با – یەکی ڕاونراو یان زیاتریش
فڕینم لە بیر کردبوو ، دەمێک بوو خۆم نەبووم ،
بەر لەوەی ' نەی ' بگەڕێتەوە ناو باخی بێدەنگییم ،
بەدەم پیاسەی فەجرەوە ، دەیان زمان هاواریان لیکردووم؛
- ڕاوەستە ئەی غەریب !
ئێرە شەوی تۆ نییە
گۆرانیی تۆ لێرە جێگەی نابێتەوە ..
بڕۆ ئەی غەریب !
ئاسمانی تۆ ئێرە نییە ....

**سێپتەمبەری 2005**